


## خولی بژاردەی عێراقی تا ٢١ی مانگی داهاتوو ڕاوەستا

**دوای ئەنجامدانی شەش هەفتە لە یارییەکانی خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی بەبەشداری هەژدە یانەی شارەکانی عێراق، بەهۆی بەشداری کردنی ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکانی بەشدار لەخولی بژاردە و پەیوەندی کردنیان بەڕیزی هەڵبژاردەی عێراق، سەرجەم یارییەکانی خولی بژاردەی یانەکانی عێراق ڕاگیرا تاکو ٢١ی مانگی داهاتوو هیچ یارییەك بەڕێوەناچێت،لە بارەی هۆکاری دواخستنی یارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی نەعیم سەدام وتەبێژی یەکێتیی تۆپی پێی عێراقی ئەوەی ئاشکرا کرد و گوتی: بەهۆی ئەنجامدانی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق لە یارییەکانی پاڵاوتنی مۆندیالی ٢٠١٤ی بەڕازیل کە هەڵبژاردەی عێراق دوو یاریی چارەنووسسازی ماوە لەبەرامبەر هەریەك لە هەڵبژاردەکانی عومان و ژاپۆن لە ڕۆژانی ٤و ١١ی مانگی داهاتوو.**

### ئەحمەد عەبدوڵڵا:

## خولی کوردستان زۆر ڕێک و

*** چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئاستی ناوبژیوانی کوردستان بەرز بێتەوە؟**

-پێکهێنانی چەندین لیژنە لەناو لیژنەی ناوبژیوانان وەك لیژنەی تایبەت بە توانای جەستەیی — لیژنەی تایبەت بە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی یاسا-وانەبێژی-کەمپەکان تا دوایی، لەگەڵ پشتگیریکردنی ناوبژیوانان لەرووی دارایی و دەروونییەوە.

*** یانەکانی کوردستان لە کاتی شکست زۆرجار گلەیی ئەوە دەکەن کە ناوبژیوانان هۆکارن بۆ بەشێك لە شکستەکانیان ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن ؟**

- ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕازی نەبوون بە دۆڕاندن هەموو تیپەکان تەنها بردنەوەیان دەوێت جا ئەگەر پێچەوانە بێت بۆ خۆ رزگارکردن لە هۆکاری دۆڕان دەیخەنە ئەستۆی ناوبژیوانان ئەمەش لەکەمی هۆشیاری و رۆشنبیری وەرزشیە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر واش بێت دەبێت بە گیانێکی وەرزشی قەبوڵی بکەن چونکە ناوبژیوانیش وەك یاریزانان مرۆڤە و توشی هەڵە دەبێت.

*** لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق بەشدارن وەکو ناوبژیوان کامیان بەهێزترو بێ کێشەترە.**

- من زۆر جار دەیڵێم خولی عێراق تەنها لە رووی رۆشنبیریی یاریزانان بە یاساو بنەماکانی وەرزش و گرنگی پێدانی میدیاکانەوە لە خولی کوردستان باشترە،ئەگەرنا خولی کوردستان زۆر ڕێك و پێکە لە رووی بەڕێوەبردن و چارەسەرەکردنی کێشەو گرفتەکان.

*** لەم ماوەیەدا کێشەت بۆدروست بووە لەگەڵ لقی ناوبژیوانانی هەولێر، هۆکاری چییە؟**

-بەڵێ من لەئەمڕۆوە کێشەم نەبووە بەڵکو لە دوای نەمانی لیژنەی ناوبژیوانانی ساڵی ٢٠٠٥ من رۆژانە کێشەم هەیە، من خودی خۆم هیچ کێشەیەکم نییە لەگەڵ کەس، بەڵام هەمیشە کێشەم بۆ دروست دەکرێت،هیچ بیانوویەکیش نییە تەنها ئەوە نەبێت کەمن ناچم بۆ مەشق کە ئەمەش هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە چونکە بە درێژایی بوونم بە ناوبژیوان هەمیشە لەو ناوبژیوانانە بوومە کە ئاستی بەرزم بە دەستهێناوە لە توانای جەستەیی کە چەندین بەڵگەم هەیە لە رۆژنامەکان، بەڵام دیارە ئەو سولتەدەسەڵاتی ئەم لیژنەیەی بێ هەڵبژاردن وەرگرت، دەیەوێت من لە بواری ناوبژیوانی دوور بخاتەوە و چەندین هەوڵیدا بە تەلەفۆن بە نووسراو بۆ بەغدا، بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبوون بۆ ئەوەی بە یەکجاری من دوور بخاتەوە،تەنها بووە هۆکاری ئەوەی ساڵانە من ٥-١٠ ئەرکی ناوبژیوانیم لە دەست بڕوات لە یارییەکان.

# پێکە لە رووی بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان

**لە ئێستادا ئاستی ناوبژیوانانی کوردستان رۆژ بە رۆژ لە بەرەو پێشچوونە بەهۆی ئەو گرنگییەی کە یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بە ناوبژیوانانی دەدات لەم ناوەشدا چەندین ناوبژیوانی ئاست بەرز هەن کە لە ئێستادا ئاستیان لە نێودەوڵەتی نزیکەو هەوڵیش بۆ بەنێودەوڵەتی بوون دەدەن بەهۆی بەرزیی ئاستیان لە خولەکانی کوردستان و عێراق کە بوونەتە مایەی سەرنجی یەکێتییەکانی تۆپی پێ، یەکێک لەم ناوبژیوانانە ئەحمەد عەبدوڵلا ناوبژیوانی پلە یەکی عێراقی و کوردستان بەردەوام لە خولەکانی کوردستان و عێراق دەیبینین بەهۆی ئاستی بەرزی خۆی بۆتە مایەی سەرنجی هەموولایەک، ئەحمەد عەبدوڵلا ناسراوە بەشێخ ئەحمەد لە ئێستادا قوتابی دکتۆرایە بۆئەوەی بتوانێت دکتۆراکەی تەواو بکات ناوبراو لەدایکبووی شاری هەولێرە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.**

کارزان کاکەیی

***ئایا تەنها تا ئێستا تۆ ئەم کێشەیەت بۆ دروست بووە لەلایەن لیژنەی ناوبژیوانانەوە؟**

-نەخێر من یەکەم ناوبژیوان نیم توشی ئەم گرفتە بووبم، بەڵام من یەکەمیان بوم بۆم دروستبوو تا ئێستا چەندین ناوبژیوان بەرگەیان نەگرت ئەم بوارەیان بە ناخۆشی بە جێهێشتووە،پێش منیش هەردوو ناوبژیوان ئارام ئەنور و کاروان سەباح ئەم لیژنەیان جێهێشت. پێت ڕابگەینم بڵێم نابێت بڵێیت لیژنە چونکە لیژنە لە چەند کەسێك پێك دێت، بەڵام لە هەولێر ئەمە بۆ نۆ ساڵ دەڕوات تەنها یەك کەسە هیچ کەس مافی قسەو بیرو بۆچوونی پێچەوانەی سەرۆکی نییە.

*** ئایا یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لە م کێشانە دەوری چی بووە ؟**

- بە سوپاسەوە بۆ یەکێتیی تۆپی پێی ناوەندی کوردستان کە بۆیان دەرکەوت ڕاستییەکان من و زۆربەی ناوبژیوانەکانی دیکە پشتگیریمان لێکرا، ئێستاش ئەوان دەورێکی زۆر ئیجابییان هەیە لە جیاتی ئەوەی ئێمە لە ناوبژیوانی واز بێنێن بەهۆی زولمی لێژنەی ناوبژیوانان بڕیارێکیان دەرکرد بۆ ئێمە، کە ئێمە ڕاستەوخۆ سەر بە لێژنەی ناوبژیوانانی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بین.

*** با بێینە سەر پاڵەوانییەتی ڤیفا چۆن بوو ئەحمەد عەبدوڵلا کە لەخولی بژاردەی عێراق ناوبژیوانی دەکات لەم پاڵەوانییەتە گەورەیە ون بوو، هۆکاری چی بوو؟**

- لە هەندێ کاردا وەك ڕێزێك بۆ یەکێتی تۆپی پێی شارەکان یەکێتی ناوەندی ئەرکیان پێ دەدا بۆ بەشداربوون و دەست نیشانکردنی ناوبژیوانان بۆ کەمپ و خولەکان یا بۆ دەستنیشانکردنی باشترینەکان، جا بەحوکمی ئەوەی لێژنەی ناوبژیوانان یەك کەسە و هەر ئەم کەسەش یەکێتیی تۆپی پێی هەولێر بەڕێوەدەبات بۆیە من تەنیا بۆ لێپرسینەوە لەم لێژنەیە وەك ناوبژیوان حیسابم بۆ دەکرێت، ئەگەرنا لە هەموو شتێك بێ بەشم و بە وتەی خۆی هەریەکێك سەرۆك لیژنە بێت پیڕی خۆی دادەنێت، بۆیە ئەویش لەم پاڵەوانییەتییە پیڕی خۆی دانا، کە یەکێکیان ناوبژیوانی ناوەڕاست بوو، بە یاریدەدەری نووسی تەنیا بۆ ئەوەی بچێت بۆ خولەکە.بۆیە من داواکارم لە یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لەبەر نەبوونی دادپەروەری هیچ دەسەڵاتێك نەدەنە لێژنە و یەکێتییەکان بۆ ئەوەی مافی هەندێ کەس نەخورێت.

***بیرت لەوە نەکرۆدتەوە ببیتە ناوبژیوانی جیهانی؟**

- من لە ساڵی ٢٠٠٦ ناوم لەو لیستەدا بوو کەببم بە ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی بەڵام دیارە هەموو شتێك قسمەتە، بۆیە لەم ساڵەدا یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بڕیاری کەمکردنەوەی ژمارەی ناوبژیوانانی نێو دەوڵەتی دا بۆیە شەشی یەکەم بوونە نێودەوڵەتی، بەڵام بەداخەوە ساڵی دواتر هاوڕێیانی من هەموویان بوونە نێو دەوڵەتی من هیچم بۆنەکرا، بۆیە تەنها دەڵێم چۆن پێشینان دەڵێن دار کرمی لەخۆی نەبێت تەمەنی هەزار ساڵ دەبێت.





# باشترینەکانی خولی فەرەنسا
# زلاتان باشترین یاریزانە

لە دوای تەواوبوونی یارییەکانی وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣ ی خولی یانەکانی فەرەنسا، یەکێتی یاریزانە پیشەگەرەکانی فەرەنسا ئاهەنگی ساڵانەی سازکرد بۆ دابەشکردنی خەڵاتەکانی باشترینەکانی خولی فەرەنسا، یاریزانانی یانەی پاریس سانت جێرمان پاڵەوانی خولی فەرەنسا کۆنترۆڵی زۆربەی خەڵاتەکانیان کرد، یاریزانی سویدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمان و گۆڵکەری خولی فەرەنسا خەڵاتی باشترین یاریزانی وەرگرت، هەروەها گۆڵچی یانەی پاریس سان جێرمان سالڤاتۆری سیریگۆ خەڵاتی باشترین گۆڵچی وەرگرت، یاریزان فلۆریات تۆفان لەیانەی باستیا خەڵاتی باشترین یاریزانی لاوی وەرگرت، هەردوو راهێنەر کارلۆ ئەنشلۆتی راهێنەری یانەی پاریس سان جێرمان و کریستۆف جاتیلی راهێنەری یانەی سانت ئیتیان خەڵاتی باشترین راهێنەریان بە هاوبەشی وەرگرت .



لەلایەکی دیکەوە پێکهاتەی نموونەیی ئەم وەرزەی خولی یانەکانی فەرەنسا راگەیەندرا کەبەم شێوەیە بوو :

گۆڵچی : سالڤاتۆری سیریگۆ (پاریس سان جێرمان)

بەرگری : کریستۆف جالی (پاریس سان جێرمان)، تیاگۆ سیلڤا (پاریس سان جێرمان)، نیکۆلا نکۆلۆ (مارسیلیا)، ماکسویل ئەندرادی (پاریس سان جێرمان)

ناوەراست : پلیس ماتویدی (پاریس سان جێرمان)، مارکۆ ڤیراتی (پاریس سان جێرمان)، ماتیۆ ڤالبوینا (مارسیلیا)، دیمتری باییت (لیل)

هێرشبەران : زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (پاریس سان جێرمان)، پێیر ئۆبامیانگ (سانت ئیتیان)



رۆما مـــ




## میسی :
# دەمەوێ لە بەرشلۆنە کۆتایی بەژیانی وەرزشیم بهێنم: بەڵام ..

ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیۆنێل میسی هێرشبەری یانەی بەرشلۆنە رایگەیاند حەز دەکات لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە کۆتایی بەژیانی وەرزشی خۆی بهێنێت بەڵام نازانێت لەداهاتوودا چی روودەدات، میسی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا لەشاری دەوحەی پایتەختی وڵاتی قەتەر گوتی : بیرم لەوە نەکردۆتەوە رۆژێك لە رۆژان لەیانەیەکی دیکە جگە لەیانەی بەرشلۆنە یاری بکەم، حەز دەکەم لەم یانەیە کۆتایی بەژیانی وەرزشی خۆم بهێنم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ نازانێت لە داهاتوودا چی روودەدات .

دەربارەی دۆڕاندنە گەورەکەی یانەی بەرشلۆنە بەرامبەر یانەی بایرەن میونیخ لە قۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا میسی دانی بەوەدانا کە بایرەن میونیخ باشتر یاریکرد و شایستەی سەرکەوتن بوو، میسی گوتی: یارییەکەمان بەرامبەر بایرەن میونیخ زۆر زەحمەت بوو، ئەوان باشتربوون لەرووی خێرایی و توانای جەستەییەوە و شایستەی سەرکەوتن بوون، تیپەکەمان لە هەندێك لەیارییەکان بەئاستێکی ناجێگیر یاریکرد و ماندووبوون بەیاریزانەکانمانەوە دیاربوو چونکە چەندین یاری بەهێزمان ئەنجامدا، بەڵام ئێمە نازناوی لیگامان بردەوە و ئێستا تەنها بیر لەوە دەکەینەوە بەباشترین شێوە خۆمان بۆ وەرزی داهاتوو ئامادە بکەین و نازناوی زیاتر ببەینەوە .

شایانی باسە میسی لە سەردانەکەی بۆ وڵاتی قەتەر رێککەوتنێکی وەك دەزگای لیونیل میسی بۆ کاری خێرخوازی لەگەڵ کۆمپانیای ئۆریدۆ مۆرکرد بۆ یارمەتیدانی منداڵە نەخۆشەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست .






# ...استەرز.. نادال و سیرینا بوونە پاڵەوان

هەردوو یاریزانی ئیسپانی رافائیل نادال و کچەیاریزانی ئەمریکی سیرینا ویلیامز نازناوی پاڵەوانییەتیی رۆما ماستەرزیان لەیاری تێنسی سەر زەوی بەدەست هێنا لەسەر ئاستی پیاوان و ئافرەتاندا، لەیاریی کۆتایی پیاواندا کە یارییەکی کلاسیکی جیهانی بوو، یاریزانی ئیسپانی رافائیل نادال رووبەڕووی ئەستێرەی سویسری رۆجەر فیدرەر بۆوە، لەیارییەکەدا نادال ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و بەئاسانی یارییەکەی بردەوە بەئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-١، ٦-٣) بوو، ئەوە نازناوی ٤١مینە بۆ نادال لە ژیانی وەرزشیدا لەو کاتەی فیدرەر لەساڵی ٢٠١٣ هیچ نازناوێکی بەدەست نەهێناوە، بەم نازناوە نادال هاتە پلەی چوارەمی پۆلێنکردنی باشترین یاریزانانی جیهان و فیدرەریش لە پلەی دووەم مایەوە .

لەیاریی کۆتایی ئافرەتانیشدا کچەیاریزانی ئەمریکی سیرینا ویلیامز لەبەرامبەر کچەیاریزانی بیلا روسیا ڤکتۆریا ئەزارینکا یاری کرد، سیرینا زۆر بەئاسانی یارییەکەی بردەوە بە ئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر (٦-١، ٦-٣) بوو، یارییەکەش ٩٣ خولەکی خایاند و سیرینا شوێنی خۆی قایمترکرد لەپلەی یەکەمی پۆلینکاری باشترین کچە یاریزانانی جیهان .





# سەمەد جەوهەر بە ٣٠ملیۆن سەرپەرشتیی پێشم

دوای ئەوەی سەمەد جەوهەر ڕاهێنەری لاوی بەتوانای شاری هەولێر بەر لە کۆتایی هاتنی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە دوای شەش ساڵ کارکردن لەگەڵ یانەی هەندرێن و بەدەست هێنانی چەندین نازناوی لەگەڵ ئەو یانەیە، دوای دەست بەرداربوونیشی لە یانەی هەندرێن چەندین یانە پەیوەندی بە کاپتن سەمەد جەوهەر دەکەن بۆسەرپەرشتی کردنی تیپەکانیان لە خولەکانی کوردستان، دوای چەندین کۆبوونەوەو گفتو گۆ لە نێوان سەمەد جەوهەر و یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆئەوەی وەکو ڕاهێنەری یانەکە دەست بەرکاربێت لەداهاتوودا، ئێوارەی رۆژی هەینی هەردوو لا بە شێوەیەکی فەرمی گەیشتنە ڕێکەوتن بۆئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بکات لە وەزری داهاتووی خولی نایابی کوردستان،لەم بارەشەوە سەمەدجەوهەر ڕاهێنەری نوێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: دوای کۆبوونەوەم لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی یانەی پێشمەرگە و گفتوگۆمان کرد دواتریش گەیشتینە ڕێکەوتن بەشێوەیەکی کۆتایی، وتیشی دەستەی کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی هەولێر هەموو پشتگیری و پاڵپشتییەکی خۆیان بۆمن دووبارە کردۆتەوە بۆئەوەی بتوانم ئەنجامێکی شایستە لەگەڵ یانەی



# یانەی دهۆک دەستبەرداری فەج

دوای ئەوەی یانەی دهۆك بە لێدانی سزای یەکلاییکەرەوە لە جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا لەبەرامبەر یانەی کوێتی کوێتی خرایە دەرەوە لەم ناوەشدا چەندین دەنگۆ بڵاو بووەوە لە شەقامی وەرزشی عێراقی، کە گوایە یانەی دهۆك بەفەرمی فەجر ئیبراهیمی ڕاهێنەری بەرەگەز سووری یانەکەی لە پۆستەکەی دوور خستۆتەوە هەرچەندە پێشتریش فەجر ئیبراهیم خۆی داوای دەست لە کارکێشانەوەی پێشکەشی دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك کردبوو بۆ واز هێنانی لە پۆستەکەی، لەشوێنی ئەویش یانەی دهۆك پەیوەندیی بە ئەیوب ئۆدیشۆی ڕاهێنەری پێشووی یانەی هەولێر کردووە بۆئەوەی سەرپەرشتیی یانەی دهۆك بکات لە یارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی، لە بارەی ئەگەری پەیوەندی پێوە کردنی یانەی دهۆك و بەردەوام بوون و یاخود دوورخستنەوەی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی،

# رزگار ئیسماعیلی پاڵەوانی بۆکسێنی

ڕێکخراوی گۆڵ بۆپەرە پێدانی وەرزش لە ژێر دروشمی (رزگار ئیسماعیلی پاڵەوانی کوردو پرۆڤیشناڵی بۆکسین لە باوەشی کوردستاندا ) کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بۆ پاڵەوانی جیهانی رزگار ئیسماعیلی بەڕێوەبرد کە ناوبراو لە پاڵەوانێتیی بۆکسێنی جیهانییە لە کێشی ٨١کگم، لە لەدەستپێکی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەشدا سابیر ئەحمەد سەرۆکی ڕێکخراوی گۆڵ وتەیەکی پێشکەش کردو بەخێرهاتنی رزگار ئیسماعیلی پاڵەوانی جیهانی و میوانان ودەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد، دواتریش ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەکو ڕێکخراوی گۆڵ ئامانجیان زیاتر گرنگیدانە بە وەرزشوانان و بەردەوامیش دەبن لە بایەخدان بە چینی وەرزشکاران، دواتریش رزگار ئیسماعیل تیشکی خستە سەر قۆناغەکانی ژیانی یاری کردنی وەکو یاریزان و بڕینی قۆناغەکانی یاری کردن و چوونەنێو ژیانی پیشەگەریی دەرکەوتنی وەکو بۆکسێنەرێکی فەرمی و باوەڕپێکراو کە خاوەنی مۆڵەتنامەی یاریکردنی (پرۆفیشناڵ)ی جیهانی بەبێ (کلاودرێس) بۆ بردنەوەی پشتێنی تیتلە جۆراوجۆرەکانی جیهانی لە کێشی خۆیدا، هۆکاری گەڕانەوەشی بۆهەرێمی کوردستان بۆدەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکرا کرد، بتوانێت پشتگیری و هاندانی و پەیدا کردنی سپۆنسەرە بۆئەوەی بتوانێت پشتێنی زێڕی جیهانی لە کێشی خۆیدا بەدەست بهێنێت،لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەش بە شێوەی داتاشۆ چەندین وێنەی ئەم پاڵەوانە و گرتەی ڤیدیۆیی لەکاتی مەشق و ڕاهێنان و ژیانی تایبەتی خۆی پێشکەشی ئامادەبوان کرا، زاکرۆس نانەگەلی بەڕێوەبەری کۆنگرەکە داوای ئەوەی کرد کە سپۆنسەری رزگار بکرێت لە کوردستانەوە و یارمەتی و هاوکاری دارایی پێشکەش بەم یاریزانە بکرێت)دواتریش دەرگا لەبەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن والآ کرا بۆئاراستە کردنی پرسیارەکانیان لە رزگار ئیسماعیلی پاڵەوان، لەلایەن خۆشیەوە یاریزانی ناوبراو وەڵامی سەرجەم دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دایەوە، لە کۆتاییشدا رزگاری پاڵەوان

## ـــــەرگەی هەولێردەکات

پێشمەرگە لەم وەرزە بەدەست بهێنین، وتیشی گرێبەستی من و یانەی پێشمەرگە بۆماوەی یەك وەرزە و بڕی گرێبەستەکەم ٣٠ملیۆن دینارە لەگـــەڵ موچەیەکی مانگانە زیاتر لە یەك ملیۆن دینار وەردەگرم، گوتیشـــی دەستەی کارگێڕی یانەکە دەسەڵاتی تەواوییان پێ داوم بۆئەوەی هەر گۆڕانکارییەك لە یانەی پێشمەرگە بکەم، منیش لە ئێستاوە هەوڵ دەدەم باشترین پێکهاتە بۆ یانەکە دەست نیشان بکەم وبڕیاری ئەوەشمانداوە کە پەیوەندی بە چەند یاریزانێکی باش بکەین بۆئەوەی بیانهێنینە ریزی یانەی پێشـــمەرگە، ڕەنگە پێنج یاریزان بهێنین و مەرج نییە هەمووی لە شاری هەولێر بێت.



## هەندرێن بە ڕاهێنەری نوێ و یاریزانی بەتوانا خۆی بەهێزدەکات

بەمەبەســتی باشتر بوونی ئاستی یانەکەو بەدەســت هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە وەرزی داهاتووی خولی نایابی کوردســتان، دوای ئەوەی ئەم وەرزە نەیتوانی هیچ ئەنجامێکی بەرچاو بەدەســت بهێنێت لە خولەکە، بۆیە دەســتەی کارگێڕیی یانەی هەندرێن دوای ئەوەی سەمەد جەوهەری ڕاهێنەری یانەکە بەفەرمی لە دوای کۆتایی هاتنی خولی نایابی کوردستان دەستی لە کار کێشایەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش بۆپڕ کردنەوەی شــوێنی ئەو و بەدەست هێنانی ئەنجامی شایســتەتر لە وەرزی نوێ گرێبەستێکی بۆماوەی یەك ساڵ لەگەڵ ڕاهێنەری پێشووی یانەی بروســك دلشاد مەعروف مۆرکردو چەند یاریزانێکیشیان لە یانەکە دوورخستەوە، لەم بارەشەوە محەمەد عەزیز سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی هەندرێن بۆگۆڤاری گوتی: ئێمە بەمەبەستی بەدەســتهێنانی ئەنجامێکی شایستە لە وەرزی نوێ،لە دەســتەی کارگێڕیی یانەکەمان کۆبووینەوە بڕیارماندا مامۆســتا دلشــاد مەعروف بکەینە ڕاهێنەری نوێی یانەکەمان لە شــوێنی ڕاهێنەری پێشــوو، کاپتن دلشاد ڕاهێنەرێکی زۆر بەتوانایە و خاوەن دەستکەوتیشــە لەگەڵ یانەی بروسك، دڵخۆشین بەهاتنی ڕاهێنەری ناوبراو بۆ یانەکەمان چونکە شــارەزاییەکی باشــی هەیە لە خولی کوردستان پەنا بەخوا ئێمە پاڵپشتی تەواوی دەکەین بەهەموو توانایەك هاوکاری دەکەین، لە بارەی ماوەی بۆندەکەشی گوتی: ماوەی بۆندەکەی بۆ یەك ساڵە دواتر لەگەڵ ڕاهێنەر کۆدەبینەوە ئەو چی پێ باش بێت ئێمە ئەنجامی دەدەین بە دڵنیاییەوە گۆڕانکاریی باش دەکەین لە پێکهاتەی یانەی هەندرێن.

## ـــــر ئیبراهیم نابێت

سەعید ئەحمەد ســەرۆکی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئەم هەواڵانە هەمووی دوورە لە ڕاســتی،تاکو ئێستا ئێمە بەهیچ شــێوەیەك پەیوەندیمان بە ڕاهێنەری شاری بەغدا ئەیوب ئۆدیشــۆ نەکردووە و ئێمە ڕێزمــان هەیە بۆڕاهێنەری ناوبراو، بەڵام ئێمە پەیوەســتین بەو گرێبەســتەی کە لەگەڵ ڕاهێنــەری یانەکەمان فەجر ئیبراهیــم هەمانەو ئێمە ڕێز لەو گرێبەســتە دەگرین و بەردەوام دەبین لەگەڵ ڕاهێنەری ناوبراو ئەم جۆرە هەواڵانە لەوە ســەرچاوە دەگرن کە ناحەزانی یانەی دهۆك دەیانەوێت بەهەر شێوەیەك بێت کێشە بخەنە نێو ریزەکانی یانەی دهۆك.

## جیهانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی

ئەوەی خستە ڕوو کە بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی خۆی بۆ ئەوەی ببێتە پاڵەوانی جیهان لە ئێستاشدا لە ڕیزبەندی جیهانی لە یاری بۆکسێندا خاوەنی پلەی ٤٧٦دایە لەکێشی ٨١کگم لە کۆی ٩١٦ بۆکســێنەر، ئەوەشــی ڕاگەیاند ئەگەر سپۆنسەری بکرێت ئەوا یارییەکی جیهانی بۆکسێن دەهێنێتە کوردســتان و خۆی کە خاوەنی سێ بڕوانامەی ڕاهێنەرییە لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی ئامادەن ئەکادیمیایەك بۆ پێگەیاندنی بۆکسێنەر لە کوردستان بکەنەوە.

جێگای ئاماژە پێکردنە رزگار ئیسماعیلی لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٩ ی شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ئێستاش نیشــتەجێی وڵاتی ســویدە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی جیهانی.



فۆتۆ، سەنگەر زرار